# دەستوور و درۆ !



د. ئەحمەد میراودەلی
mirawdaly@hotmail.com

ئەگەر کورد سوودی لە پەندی پێشینانی خۆی وەرگرتبا ، دەبوو کەس بەدەنگی هاواریماڵسووتانی سەرکردەکانەوە نەچێت . ئاخر پەندێکی پێشینانمان دەڵێ ، درۆزن ماڵی سووتا کەس بڕوای پێنەکرد ، سەرانی دوو زلحیزبەکەی باشوور ، درۆیان کردۆتە پیشەی ڕۆژانە . لەوەدەچێ ئەمەک بۆ وڵات و ڕاستگۆیی و ڕێزلێگرتنی خودی خۆ و نەتەوە و کەسانی بەرامبەر ، کە لایەنێکی سەرەکی کولتووری دێرینی کوردەوارین ، لەم سەردەمی عەولەمەیەدا ، لەلای ئەوان بایەخی نەمابێ وکولتووری سەردەمی تاریکی هۆش و هزر بن و کاتی وەلانانیان هاتبێ . دیارە بەلایانەوە درۆ و ڕێزلێنەگرتن و بایەخنەدان بەداواکارییەکانی جەماوەر ، دیاردەی شارستانێتی سەردەمە .

ئەگەر وانەبێ بۆ سەرکردایەتی هەردوو زلحیزبەکە ، لەوەتەی ڕاپەڕینی سەردەمی شەڕی کەنداو جێگەپێیانی گەیاندەۆتەوە کوردستان ، ڕۆژانە درۆ لەگەڵ یەکدی و جەماوەر دەکەن ؟ . هەر بۆ نموونە وا چەند ساڵە بەڵێنیان داوە هەردوو میرنشینەکە بکەنەوە یەک و ، سەدان کۆبوونەوەشیان بۆ کرد . لێ عەرەب گوتەنی " رەجەعەو بی خووفەی حونێن" بەواتای بەدەستی بەتاڵ گەڕانەوە .

ئێستاکەش لەسایەی لە ئارادا نەبوونی لایەنێکی بەهێزی نەتەوەیی پتەو و خاوەن ئەزموون ، هەر ئەوان باڵا دەستن و ، لەناچاریدا خەلکی کوردستان لەدەوریان کۆبۆتەوە . زۆرکەسی بەهەڵەداچووش بە ناسیۆنالیزمی کوردییان دەزانن . زۆر بەداخەوە هەر ئەو دوو لایەنەش وەک دەمڕاستی کورد ، لەباشووری کوردستاندا و لە پرۆژەی دروستکردنەوەی وڵاتی عێراق و داڕشتنی دەستووری هەمیشەیی ئەو وڵاتەدا ، نوێنەرایەتی گەلی کوردستانی دەکەن .

لە سەرودەمی داڕشتنی دەستووری وڵاتەکەدا ، بەڵێنیان دا هێلکەی زێڕینمان بۆ بهێننەوە و سازش لەسەر مافە گرنگ و سەرەکییەکانی گەلەکەمان لە دەستووردا نەکەن ، وەک مافی چارەنووس و گێڕانەوەی کەرکووک بۆ سەرهەرێمی کوردستان و فیدێراڵی هەرێمی کوردستان . هەڕەشەی ئەوەشیان دەکرد کە دەوڵەتی ئاینی ڕەتدەکەنەوە .

وەلی نوێنەرانمان لەجیاتی هێلکەی زێڕین ، بە تۆپەڵێک قەقنەسی بۆگەنەوە گەڕانەوە و لەمیدیاکانەوە ، هەر یەکەیان بە شێوەیەک بەهاداری دەکاو دەیڕازێنێتەوە .

بۆ نموونە : ئازاد بەرواری دەڵێ ، هەموو خواستو مافەکانی ئێمە لەدەستووردا جێگیرکراوە . (پەیامنێر 23ی ئۆگەستی 2005 ) .

نەوشیروان مستەفا ؛ دەڵێ ، توانراوە بەشێکی زۆری داخوازییەکانمان ، لە دەستووردا بچەسپێنیین . (ماڵپەڕی یەکیەتی 31\8\2005) .

من تێناگەم بۆ دیاریکردنی بەدەستهێنانی ڕێژەی ماف ، پێوەری ئەو بەرێزانە چییە کە هەر یەکەیان ڕێژەیەکی بۆداناوە ؟ بەڕای من :

نەتەوەیەک ؛ لەهەر دەستوورێکدا ، ڕێگەی بڕیاری چارەنووسی خۆی لێ بەسترابێ ، کۆیلەیە .

نەتەوەیەک سنووری خاکەکەی لەدەستووری ئەو وڵاتەی تیایدا دەژی دیار نەکرابێ ، خاکی نییە .

نەتەوەیەک ، ناوی لەدەستووری وڵاتەکەدا نەهاتبێ ، بوونی نییە .

بڕیاری چارەنووسی خۆمانمان لێ زەوتکرا ، سنوورمانیان کووژاندەوە ، کەرکووکیان لێ ڕەیپ (ئیغتیساب) کردین.

لەسەرو هەموو ئەمانەشەوە مەخسەرە زیاتر لەوەدایە کە ، پەرلەمەنتارانی کوردستان ، بە تێکڕایی دەنگ ، ڕەشنووسی دەستوورەکەیان پەسەند کردووە . ئەرێ مەردوومینە سەیرنییە لاتان ، پەرلەمانێک دەستوورێکی دوورو درێژی وڵاتێک کە داهاتووی نەوەکانی ئایندەمانی پێوەبەستراوە ، لەچەند سەعاتێکدا تاووتوێی بکاو بە تێکڕایی دەنگ پەسەندی بکا ؟ . ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کە زووربەیان شەوی نیو قاپ ویسکی فت دەکەن ، دەبوو دژی دەوڵەتی ئاینی بوونایە ، هەر لەبەر ئەوەی کە ئابجۆی ئیسلامی سمکۆڵی ئاڵکۆڵخواردنەوەیان دابین ناکات ، لێ وادیارە ئەوشیان بەسەردا تێپەڕیوە . بۆیە منیش دوعایان بۆ دەکەم وەک ڕەشنووسی دەستوورەکە ڕوویان سپی بێت .

درۆ ، لە زۆر کولتووردا تاوانێکی گەورەیە ، لە هەموو دادگایەکیشدا سزای لەسەرە . ئاخر درۆ سەرچاوەی هەموو تاوانکاری و نارەوای و فیتنە و فەسادە . درۆ هەر ئەوەنییە کەسێک ڕووداوێک وەکخۆی نەگێڕێتەوە ، یان شتێکی نەبوو هەڵبەستێ . درۆ ، ڕازیبوونە بەنارەوایی ، درۆ سەرشۆڕکردنە بۆ زۆردار ، ژن ڕەیپکردن (ئیغتیساب) درۆیە ، قەرزنەدانەوە درۆیە ، خاک داگیرکردن درۆیە . دەستووری عێراقیش ، لەژێر عەبای ئیسلامدا ڕێگای بە هەموو ئەو درۆیانە داوە .

ئاینی کوردی ( زەردەشتایێتی) کە بنەما سەرەکییەکانی " بیری باش و گفتاری باش و کرداری باشەیە" . ئۆرمازدی مەزن داوا لە مرۆڤ دەکا هاوکاریبێ لە جەنگ دژی درۆ . درۆ لە ئاینی کورددا چوارچیوەی هەموو نا ڕەواییەکە .

ڕاستگۆیی سەربەرزییە ، شەرەفمەندی و ڕەوشتی جوانە . درۆکردن سەرشۆڕییە ، بێ ئابڕوویی و ڕەوشتێکی قێزەوەنە .

لەگەڵ ئەوەشدا کە زووربەی ڕۆشنبیر و نووسەرانی شەرەفمەندی کورد ڕەشبینی خۆیان بەوەدەستوورە پیشانداوە ، کەچی دەزگای ڕاگەیاندنەکانی هەردوولا خەریکی فریودانی خەڵکن بۆ پەسەندکردنی ئەوەدەستوورە بێ ڕووناکییە ، هەر ئەوە ماوە شایی و لۆغانی بۆ بگێڕن .

بۆ ئەوەی بەوێنەی هەڵبژاردنەکانی درووستکردنەوەی عێراق دەستمان بەزاخدا نەکەنەوە ،

با بەرەنگاری درۆ بینەوە و، هەموو بە یەک دەنگ بڵێین نا بۆ دەستووری شەرمەزاری .

کەنەدا 2005 \09\04